Dr.Saleh Ebrahimi



٢٧ گەلاوێژی ١٣٨٢ هەتاوی و
١٨ ئوگوستی ٣٠٠٣ زو

## بەناوی خودای بەخشەرو دلاوا

ئەم قەرنە قەرنی پرتینی کوردانە ـ دەوری هونەرو یەکیەتی و بەرزی گەلانە. زانین لەسەرەو ـ نەزانین لە نەمانە.

## بیری نەتەوەیی هەژاری موکریانی.

نوسەر، وەرگێر، لێکۆڵەرو شاعیری بەناوودەنگی کورد (عبدالرحمن شرفکندی) ناودار بە **(هەژار)**. یادی ئەو شاعیرە نەمرە لەشاری هەولێر پایتەختی کوردان. میوانانی بەرێزو هێژاو خۆشەویست، درود و رەحمەتی خواتان لەسەربێ.

**هەژار** ـ بیری وردو پاک و جوانی هەژار پڕوتەژی بوو لە دورڕو واتای پڕ واتاو پڕلە گەواهیراتی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتمان و ماندو نەناسی. هەژار ئەوینداری زانین، نوسین، بەکورد و کوردستاندا هەڵوتن، هەژار بەگەلێ نهینی زانا بوو.

لە بابەت هەرشتێکەوە کەمرۆ توشی دەبێ بە توشییەوە و هەستی پێیدەکاو دەیبینێ، ئەگەر باش نەزانێ چییەو چۆنە؟ ناشزانێ بۆچی دەبێ و بەهرەو کەڵکی چییە؟

**هەژار** ئەوەی لەژیانی پرتاڵ و پرلەکوێرە وەری وتە قالای خوێدا دیویەتی، بە چاکی ناسیویەتی و جوان بیری لێکردۆتەوە و ویستویەتی بەنهێنی یەگرنگەکانی و بەناسیاوانی خۆی بزاندرێ و بناسرێکێن؟ تا بە خەڵکیان بناسێنێ، ئەوەیە لەکتیبی چێشتی مجێورو نوسراوەکانی دیکەی خوێدا زۆرشتی نهێنی و زۆرباس و خواس و زۆر شتی لەبیرەوەری و بە سەرهاتەکانی خوێدا رون کردۆتەوەو زۆرکەسیشی لەروی رەوان ناسانەوە بەتەوەی کورد. ناساندوەو خستویەتە رو، جاهەر لێرەوە، دەتوانین بڵێین: ئوستاد هەژار، لێکوڵەر نوسەرو وەرگێڕو کۆڕو کۆمەڵ ناسیگەورەو وردبین بووەو بەراستی

Dr.Saleh Ebrahimi



دەتوانین: بڵێین: هەژار (و مەلا مارفی کۆکەیی[1]) کۆمەڵناسێ گەورەی نێوکوردەواری بوون ـ هەرکەس بەوردی چێشتی مجێور بە چاوێ رەخنەگرانە بخوێنێتەوە کۆمەڵناسی هەژاری بەجوانی بۆرون دەبێتەوە، بەڵێ گەواهیراتی بیری وردو نیشتمان پەروەرانە و کورد و کوردستان خۆشەویستانە، کە بەگەروی هەندێ کەس قوت نەچووە، لەنێو بە سەرهاتی خوێدا بەگەروی‌داکردون و دڵی خۆی ئاسودە کردوەو گفتە بەنرخەکانی خۆي بۆتێگەیشتوانی دواروۆژ لە بیرەوەری و چێشتی مجبوردا بەبێ ترسی چەتە و گۆران. گە یاندویەتە دەسی خوێندەوارانی ژیرو بە مشورو غەمخورێ نەتەوەی کوردی بەشخوراوی ئەم کات و ساتە و دوا رۆژ.

هەمو دەزانین بۆ بیرکردنەوە، دەبێ هیچ کۆسب و لەمپەرو بەرگرێک لە رێگەدا نەبێ تاژیر و بیرەوەرو خاوەن هەست و تێگەیشتو و پیگەیشتو و دڵسۆزی گەل‌ونیشتمان بتوانێ هۆش و بیرو رای خوێ بەخڕوپڕی بخاتە، سەر ئەو شتانەی نیازیەتی وە بە تایبەت کە بەنهێنی یەکانیش دەزانێ ولەبەرا بە کۆسبەکانی ناسیاو بووە، جالە سایەی بیرلێ کردنەوە وئاشکراکردنی نهێنیەکان و لێکدانەوەی ژیرانەو مەردانە و بۆیرانە و دڵسوزانە، بە خەڵکی کوردەواری، رابگەیێنێ و بێداریان بکاتەوەو بەرەو یەکبون و یەکتر خۆشویستن، هانیان بدا و لەو ریگایەوە. نامۆکان دەسە مۆبن و بەدۆستی و بەبرایەتی و بە یەکبون و بە یەکیەتی تەواو، بەرەو ئازادی هەنگاو هەڵگرن. ـ ئالێرەوە بیری پاك و جوانی نەتەوەیی هەژار زۆر بە ئاشکرا بۆ هەموکەس رون و ئاشکرا دەبێتەوەو هەموکوردێك دەزانێ کە هەژار چلۆن دەسی ناوەتە سەر خاڵە کزولاوازەکانی نێوکوردەواری، کە بوونەتەهۆی بن چەپۆکی کورد و لەبن چرنوکی تیژی دژو دوژمنان و نەیاراندا ناڵاندویەتی‌و ماوەیەکی دورو درێژە، کورد، دە، چەوسێتە وەو دڵسۆزان و بوێرانی نەتەوەی کورد، کورد، وەنیشتمان ویستان، بێ‌وچان دەکۆشن و دەخرۆشن و

---

١ ـ مەلا مارف کوکەیی خەڵکی کوکەی موکریان بوولە ١٣٥٣ ی‌هەتاوی لە دایک بووە ولە ١٣٢۴ لە مەهاباد وەفاتی کردوەو تێژاوە، مەلا مارفیش کۆمەلناسی نێو موکریان پووە ـ

Dr.Saleh Ebrahimi



خوێن و شەهید، دەدەن،کەچی هێمان هەر لەدواوە تەکەیان دیێ و ناگەنە سەرکانی و ئاو وبن سێبەرێ،کە لێ وە حەسێن ولە دەس دوژمن بخەلەسێن و رزگاربین.

ـ هەژار خۆي باش ناسیوە بەلاّم وەک خۆ ناسەگەورەکان؛ نەتەوەی پارچە پارچەی خۆیشی باش ناسیوە، بویێ خوێن لەدلّ و دەرونی پاکی، بەخۆڕدێ و هەر هاوارونرکە نرکیەتی، پڕ بە دەنگ هاواردەکا با یەکبین و یەکیەتی کورد وکوردستان، بەدی بێنین تالە بن چرنوکی نگرسی تورکو تات رزگار بین رزگار.

نەتەوە یەک، وەک خۆرە لە نێو یەکدا یەکتر بخواو خوێنی گەشی بێ تاوانی گەنجان و لاوانی، ئەتەوەی خۆي برژێنێ ومێشکی کورد، بپرژێنێ، دەرەتانی بیرکردنەوەی ژیرانەی، چۆن بۆ دەمێنێو چۆن دەرفەت دێنێ ژیرانە خۆیی لە بن دە سەلاّتی دژودوژمنانی نەتەوەی کورد، دەرێنێ وکورد وکوردستان رزگار و ئازاد بکا؟

هەژارموکریانی بیری ئەتەوەیی خوێی لە بارزانیو بزاوی رزگاری خوازانەی ئەودا وەدی کردوە.

هەژار ـ ژەنرال مستەفا بارزانی رابەریکە بیرو دلّسوزی کورد و کوردستانی باش ناسیوەو باشن زانیویەتی.کە بارزانی و نێوی بارزانی رەمزی ئازادی،کورد وکوردستانە.

جائەوەیە هەژار بەمستە فابارزانیدا هەلّدەلێ و دەلێ: (بارزانی! نەعرەتت گیانی دوژمنانی دەبرد ـ لە تۆتۆقیبون چاوی دوژمنانی کورد ـ زۆرلەداگیرکەرانی کوردستان ـ بەدەستی تۆ نێرانە گوڕستان ـ کێیە؟ تاجیکە ترکی تورە، عەرەو، گێلەجاشە، تەعالە، گێتەبرەو ـ کێیەناوی تویێ بیستبێ ونەتر سابێ ـ یان هەناو وزراوی پیێمابێ.)

مێژو (: تاریخ) دەلێن: (وەک پیرەمامی تۆچێنە، زۆر بەپشوو بەکاوە خۆرەنێو هێنە، بە سالّو بەمانگ گێژەویدەکاوتە تەلّە ـ ساغ دەهێلّتەوە و تورەدا دەغەلّە ـ دان بژێری دەکاهەرچەن لەسەر خۆیە ـ ژەنرال مستەفا بارزانی لە ئاسمانی پیاوەتی و بوێری و کارناسی وگەڕناسی) خۆرە[1]ـ هەمو ئازاکەمن (بارزانی) زۆرە ـ تیشکی (پرتین و

١ ـ بەلێ ژنرالّ مستەفا بارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کورد، رۆژە بە فو ناکوژێتەوە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



تەوژمی) بارزانی هەربینا سەری داوە ـ ناوی بارزانی هەتا هەتایە هەرماوە ـ (وهەر دەمینیٚ و نوری ئازادی دەپرژینیٚ)(۱)

(تا هەستی ئازادیخوازی ـ تا خوٚبەخشین و گیان بازی ـ تامەردایەتی و جوامیٚری، تا نەترسان و بوٚیری، لە دنیا قەدری مابیٚ ـ ناوی بارزانی قەت ون‌نابیٚ).

جاهەرلەبەر ئەوەیە، و تویانە: هەژار بیری نەتەوەیی خوێی لە بارزانی و بزاوی بوٚیرانەو دلسوٚزانەی ئازادیخوازی ئەو زاتەپاکە دا، دیوە و بوٚیی روانیوە. جائەوەیە زوٚر بەراشکاوی هەژار دەلیٚ: (بیست میلیون پترگەل (و نەتەوەی) کورد، بیٚ هەست و خوست زوٚر سالان مرد ـ بارزانی گیانی (کوردی) ژیاندەوە ـ کوردی لەگورگان ئەستاندەوە ـ هەمودەلیٚن: بە ئاشکراو بەرەوانی ـ دەلیٚ: بە یادی توٚ بارزانی ـ بارزانی سەرەتای‌دانا ـ هەرئەوبو هاواروهانا ـ لەبارزانی یەوە بوو بەباو ـ لە بارزانی یەوە بووینە پیاو ـ هەر ئەوبوو کوردی ژیاندەوە ـ زامی سەختی برژاندەوە ـ (سەرچاوەی بەرو).

هەژار بیری نەتەوەیی خوٚی دەردەبریٚ و لای وایە بارزانی پشت و پەنای‌کوردان بوو لە قرچە قرچی گەرما و هیٚرشی دوژمنی خوینریٚژ بوٚسەرکورد و کوردستان.

جا ئاوا دەلیٚ: هەژاریٚک بووم سەدجار مردو ـ وەک قانگەلاشکی بابردو ـ زریان لە سەر ریٚ، لای دەدام ـ شەمال سندەی پیٚدا دەدام ـ گیٚژەلوکە دەی‌سوراندم ـ بوٚ رەشە بای دەرە تاندم ـ سوکتر بووم لە پرزەکایەک ـ نە پەسیویٚک، نەپەنایەک ـ لەمەودای زوٚرسالانمدا ـ لە درگای زوٚر مالانمدا ـ مەردیٚک نەبوو، سەردەریٚنیٚ ـ بەخیٚسە بیٚ‌تیٚم رامیٚنیٚ ـ لە پرنازانم جلوٚن بوو؟ خوٚم گەیاندە بەرسیٚبەریٚ ـ دنیائیٚرەییم پییٚ بەریٚ ـ نەک هەرمن بە سەد هەزاران ـ لە تازەلاوی هەژاران ـ لە پیری یەخسیری خەم چیٚژ ـ لەدایک زاروی مەمک میٚژ ـ هەموکوردیٚکی دلبرین ـ بیٚکەس و هەژار، جگەر خوٚین ـ بە میلیون گیان دل توونی ـ گەلەدیلی لەژمار بە دەر ـ دل پرکەسەر، بیٚ سەروبەر ـ لەچنگ خویٚن مژان راکردو ـ بە غیلیان، دەبرد بەمردو ـ لاکەلاک، تین‌دا تەکاو بوون ـ بەرەو ئاویٚک

۱ ـ سەرچاوە: هەژار بەیادی توٚ دەژی دلم چاپی سوئید سالی ۱۹۹۳

Dr.Saleh Ebrahimi



چاوە چاو بوون ـ وێڕای من گەینە سەر دراو ـ بەرسێبەری فێنکو هەراو ـ لەو ژێر سایە، حەساینەوە ـ دەستەو لەحاز بووژاینەوە ـ (بارزانی) ئەو سایە چەورە لە سەرمان، ـ بوو بەگەورەتر، ڕێبەرمان ـ بەهێزو گوڕ، ڕای پەراندین ـکورد خۆرانی پیێ بەزاندین ـ بووینە نموونەی ئازایی ـ بووینە لەشکر و هێزیخوایی ـ ئەوشە نگەدارەی مستەفا بارزانی ناوە، بەڵێ مستەفا بارزانی ـ هەموکوردێک، بەقوربانی ـ (سەرچاوەی بەرو پەرەی ٢٧ تا ٢٤).

■ پیویستە بڵێین: هەژار تەنیا. یەک لایەن نیە، چەندین لایەنی هەیە:

جاهەر لەبەر ئەوە دەبێ بە ئاشکرا بڵێین: هەژار بوێر، دلێر، ماندو نەناس، دڵسۆز، بوێژو وێژەو وێژوانێ پڕ بیرو هوش و پڕ تەقالاو پڕتێکۆشان بوو، بوژیانو بو بوژانەوە و بوسەر بەستیمرو، بە تایبەت بو مروی کورد.

٢ ـ هەژار جوانی و خوشیکی هەر شوێنەوارو ئاسەوارێکی، لەرادەی راستی ئەودا دەدی و بوّیی دەروانی. وەلەگشت قوّناخەکانی ژیان و شاعیری خوێدا بەو بیرو بڕوایە وەفادار بوو هەر وەفاداریش مایەوە.

٣ ـ هەژار هوگری **هونەر بو هونەر بوو**، هەر لەوێوە ئوگرداری خوّیی بەزمان و فەرهەنگ و هونەری کوردی و هەروەها ئەوینی خوّیی بەمرو. وە بە کوّمەڵی کوردەواری بەباشی نیشان داوە، جا ئەگەر لە نوسراوەکانی چ شیعرەکانی یا بو نوسراوەکانی دیکەی بەوردی بڕوانین باش بوّمان رونو ئاشکرا دەبێتەوە، کەهەژار تاج رادەیەک لەبیری باشبونی باری ژیانو ئازادی و سەربەستی نەتەوەیکوردە واریدا بووە، هەژار هەمیشە، چ بە نوسین یا بە شیعر و هونە وتن وەچ بەکار و تێکوّشان لەبیری بەختەوەری و باشتربونی بارودوّخی سیاسی و رامیاری و کوّمەڵایەتی و فەرهەنگی و پێش‌وەچونی کورد و کوردستان بووە، جا هەر لەبەر ئەوە لە هوّنەو شیعرەکانیدا، وە بە نوسین و بە هونەری پڕلە نبوغی خوّي، وەک چەکێک بە دژی زوّرداران و ملهوران و داگیرکەرانی کورد و کوردستان ئەوانەی (شیعر و نوسراوەکانی خوّیی) بەکارهێناوە و هونەروزمان و فەرهەنگی زیندوی خولقاندووەوشتی تازەی داهێناوە و کردویەتە باو بوّ: کوردەواری. ـ هەژار بوّ زنیدو راگرتنی هونەری زمانی کوردی و بوگەشانەوەو بوّ

Dr.Saleh Ebrahimi



هه‌ڵدان‌و پێگه‌یاندنی مرۆڤانی و بارهێنانی هێزی مه‌عنه‌وی کۆمه‌ڵگای کورده‌واری، ده‌نگ و هاواری به سۆزی دڵسۆزی خۆی له به‌رگی واژه‌ی (وشه‌ی) ناسک‌و تورت و هاوسه‌نگ و هاوده‌نگدا زۆر به‌رازاوه‌یی ده‌ربڕیوه.

٥ ـ هه‌ژار وه‌ک پێشمه‌رگه و خه‌باتگیرێکی شاعیر بۆ خرمه‌ت به‌نه‌ته‌وه‌ی کورد و کوردستان، وه ئاشکرا کردنی راستیه سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی یه‌کان، به‌زمانی شیرین و هه‌ست بزوین و پڕله سۆزی خۆی که‌ڵکی وه‌رگرتووه،

٦ ـ هه‌ژار بۆیی له زمانی شیرینی وردی شێعر و هۆنه، بۆ ده‌ربڕینی بیرو باوه‌ر، وه بۆ چوونه نێومه‌به‌ستی سیاسی و کۆمه‌ لایه‌تی یه‌کانی خۆي: له شیعر که‌ لکی وه‌رگرتووه و شیعری بۆ ئه‌وکارانه هه‌ ڵبژاردوه، چونکا زمانی شیعر به‌قسه‌ی قسه ناسان: (به رزترین شێوه‌ی زمانی عاتیفی ئینسانه).

٧ ـ هه‌ژار ئه‌وه‌نده له بیری ئازادی نه‌ته‌وه‌ی کورد، دا بووه، خه‌ڵکی به‌دژی زوڵم و زۆر هارو ژاندوه و خۆیشی له‌و رێگایه‌داتوشی که‌ندوکۆسب کردوه.

٨ ـ باس له‌ژیان و چه‌رمه سه‌رێ و به سه‌رهاتی هه‌ژار ئه‌م شاعیره نه‌مره گه‌وره و گرانه، که له وێژه و وێژه‌وانی سه‌رده‌مدا به‌رده‌وام به‌شداربووه، لێره‌دا ناگونجێ و ده‌ره‌تانێ دیکه ده‌خوازێ. ناچار؛ وه‌بیر؛ هێنانه‌وه‌ی هه‌ندێ بابه‌ت که له داهێنانی ئاسه‌واری هونه‌ری ئه‌ودا شوێنی زۆرگرینگی داناوه، ئاماژه ده‌که‌ین:

١ ـ وه‌رگێرانی شه‌ره‌فنامه له فارسی یه‌وه بۆ زمانی کوردی که ماموّستا مه‌سعود محه‌مه‌د له په‌سه‌ندیدا دەڵێ: (کوردی شه‌ره‌فنامه، بێ قوّرت‌وگرییّه ... هه‌ژار داستانێک ده‌گێرێته‌وه، دڵ‌ومێشکی خوێنه‌ر بوّلای خوّی ده‌کێشێ ... نمونه‌یه‌کی، ئه‌وتۆ ده‌خاته پێش چاوی خوێنه‌رکه ناسیاوبێ به‌هه‌موشوّین و مه‌ڵبه‌نده‌کانی کوردستان و له «اقلیمیه‌تی به‌رته‌سک» خوّي رزگارکردبێ).

ـ ماموستا هێمنی ره‌حمه‌تی له‌سه‌ر شه‌ره‌فنامه ده‌نوسێ: (من له‌و بروایه دام‌که

Dr.Saleh Ebrahimi



شەرەفنامەی هەژار دەبێ بکرێتە بەردی بناغە بۆکوردی ئەدەبی ...(١)

قسەی ئەم دو نوسەرو شاعیرە وردبین و ناسک‌و پڕ لە بیری وردو زانایانە، بۆ پەسەندی شەرەفنامەی کوردی هەژار بە سە، بەڵام منیش تکام وایە لەکوردستانی ئازاد، شەرەفنامە خوێنێ بکەنە باو بۆ ئەوەی خوێندەوارانی کورد، باشتر بەزمانی شیرینی کوردی ناسیاوبن، وە هەم بە تاریخ و بزاوی نەتەوەی کورد ناسیاوتربن ـ هەروەکو لە ١٣٨١/٣/٢٣ لە یادوێزدانان بۆ ماموستا هەژار لە مەهاباد ئەمەم لە موعەلیم و کوردی زانەکانی مەهاباد داواکردو لەبەر پرسانیشم ویست بەرگری ئەم کارە فەرهەنگیە نەکەن.

٢ ـ مەموزینی حەکیم ئەحمەدی‌خانی کە وەرگێردراوەتە سەر شێوە و سەر زاری سۆرانی، بەراستی ئەم دوکارەی هەژار، زمان و ویژە و ویژەوانی کوردی بردوتە، دوندی بەرزی خوێ.

٣ ـ هەژار لە شەرەفنامەدا و لە وەرگێرانی (یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بێبرانەوە ـ ئارێ برا وارابرا ـ عیرفان، بەرامبەری ئازادی ـ دایە باوەکێ خراوە) نوسراوەکانی دوکتور عەلی شەریعەتی بە فارسی، پەخشانیکێ ئاهەنگدار، بەزمانی کوردی دێنێتە گۆڕو ئەمەش خوێ جوێ لە هونەرە، جاهەر لەبەرئەمانە دەتوانین بلێین: هەژار گەورەترین زانا بە زمانی کورد و بەواژە جوانەکانی‌و گەورەترین نوسەری کوردو گەورەترین خزمە تیشی بەزمانی کوردی کردوە و ئەمەش بەراستی خوێ بیری نەتەوییە.

□ هەژار دەردوکەسەری خوێ بەوێنەیەکی جوان لە زمانی شەریعەتی یەوە دەردەبرێ دەڵێ:کەدەڵێ: «بەڵێ داگیرکەرەکانمان، رسق‌و زۆری بەرەکانمان دەخۆن‌و نایانەوێ خوێبناسین، تاواکاسین، بۆوان خاسین، ئەوان دەترسن تێ بگەین، لە داوبەربین و پیێبگەین، تابێ فیکرو بیرنە بەرین، تالە خۆمان بێ خەبەرین، بۆوان مانگاین، ئەسپین،

١ ـ بە راستی ئەو نوسراوە سەرە تایەکە هێمن لەسەر شەرەفنامەی کوردی نوسیویەتی، خوێی شاکارێکی وێژاوەری و ئەدەبی‌یە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



کەرین، بارەبەرین، شیرمان دەخۆن، بارمان دە کەن، سوارمان دەبن‌وغارمان دە دەن، لە سەر بەردودارمان دەدەن».

دیسان رودە کاتە لاوە کان‌و کـاکلـەو نـاوەزێڵـەی قسـە کـانی دەردەبڕێ و دەڵێ: «بالاوە کانمان و شیاربن، دوژمن بناسن، بەکاربن باهاوکاربن، لەلاسایی خۆ رزگار کەن: لەداگیر کەرخۆ قوتارکەن، بابۆیربن، باثازابن، پیاوی خۆبن، پـیاوی خـوابـن: لە حـەق خوازی رانەوەستن تەنیا پشت بە خواوبە نەتەوەی خۆیان ببەستن، هـەریەکـە، شـیاوی پەرەستن، ئەویش خودایە، هۆی بوون و مانمان ئەو، یەکەیە، ئیترهەرچێکی تر هەیە خاڵە، لەپەنای ئەو یەکە، خاڵ و سیفری بێبرانەوە.

☐ ئەم کارانەی هەژار بە نبوغی زاتی ئەنجام دراوە و فەرهەنگ و زمان و هونەری کوردی، پێ غەنی کراوەو شەرەفنامەی پیێ وەرگێردراوە و شەرحـی دیـواتـی مـەلای جزیری پێی راستەو پاستە کراوە.

ـ رۆژێک لە زانینگەی تاران لەکۆرێکدا بەوێنەی میزی گرد (کۆڕی مێزی بەجەغز)، یەکێ‌لە زانایان بەزمان‌و ئەدەبی فـارسی وتـی: «سـەعدی، حـافزو فـیردەوسی تـوسی) پێغەمبەری شیعر و قسەن.» یەکێ وەجواب‌هات ئەی نیزامی گەنجەوی کوڕی رەئیسەی کورد چییە؟ لەوەلاوترا ئەو خودای شیعرو قسەیە. ـ

بەراستی ئێمەیش دەبێ بلێین: هەژار خودان و خودای شیعرو قسـەی‌زمانی شـیرینی کوردی‌یە.

۴ ـ مامۆستا، هەژار، بەشی کردنەوەی دیوانی عارفی رەببانی مەلای جزیری ئەوکارە (عیرفانی‌یە) وهەروەها بەوەرگێڕانی چارینەکانی حەکیم عومەری خەییام بـەکـوردی ئەوەمان باش بۆ رون دەبێتەوەکە هەژار بەنبوغی زاتی بە راز و رەمزی عیرفان و فەلسفە ناسیاو بووە. چونکا بەبنج و بەناوانی ئەو دوانەدا رۆچووەو بەو پەری سادەیی‌و ئاسانی ئەوەی تەفسیر کردوە و ئەمیشی هێناوەتە سەر زمانی کوردی رۆژباو.

۵ ـ لە نەزم و پەخشانی منالاندا! تۆ بروانە ئەم نمونە: وەک ئەیزانن، هەموو دەسێ پێنج قامکی هەس: توتەو براتووتە، بالابەرزە، قامکی شادە، قامکە گەورە. هەبو نـەبوو

Dr.Saleh Ebrahimi



دودەست هەبوو، یەکێ شین بوو یەکێ سور، قامکەکانی پەنجەی شین. دایم و دەرهەم لێک دوربون؛ خۆپەسەند و ناجور بوون.

قامکەگەورەی ورگ‌زل، تەوەزەل و تەپوفل، ئاشنا ناخوازم، لەلاوازان جیاوازم، خەنینی ئەهات شادە، ئەیوت: بەسیە ئیفادە، تۆناوت ئەسپیٚ کوژە، من ناوم دوشاومژە، نازدەکا بالاٚ بەرزە، کێ‌وەک‌من جوان و تەرزە؟

خشلٚ و خەملٚ و لەرزانە، شیاوی بالاٚ بەرزانە، براتوتە، وەبوٚلە، ئەنگوستیلەی لەکوٚلە، ئیژێ من دەولەمەندم، ئیتر وەچی دەروەندم «دەربەندم» توتەی پوٚخەکەی پوٚتە، کورتە بالاٚی روتە، سەری دەبەر، خوٚی ناوە؛ لەم ناوە بێکەس ماوە، پێنج قامکی سورلەولاوە، بالٚیان پێکەوە داە. لەپەنای یەک‌وەک‌برا، گشتی قیت راوەستاوە، بەهەرەوەزکاردەکەن. پێکەوەداربار دەکەن، بەهەر قامێکی‌شین دەگەن، شەپلاٚغەی لیٚ دە دەن، زللەی شینیان هاتە بەر، چت خوارگە ترش و چوٚنەر؟ دایانە بەر پیٚلەقە. تالیان بری نەقە (نقە ووستە) - بالاٚ بەرزیان لەم لاوە، لەبەر یەک ئەکێشاوە، دولەخوار، دولە سەرێ، وەختا بوو جیقی دەرێ، براتوتە روت‌کریا، ئەنگوستیلەی بریا، قیلیان دەروی هەلٚساوی، هەرمابوو کونی چاوی، توتەکەشیان دوٚزی یەوە؛ وەک توٚپ دەیان قوٚزی یەوە، ئەگریا دالٚکە مردم، ویٚلم کەن، من چە کردم؟ توتەکەفتە سەرزەوین، ئەمجار سورەکان رەوین، شینەکان هاومالٚی، دلٚیان سوزیا وە حالٚی، وتیان: ئێمەی خوٚ پەسەن. خوٚمان خوٚمان کردە پەن، هەتاوا لێک بلاٚوبین. ئەشیٚ سەر بیٚ‌گلاٚوبین. لەمەولا یەکتردەگرین، وشیارو ئازا دەژین تانەمرین، کوٚرێکیان بەست وەک برا، پەیمانی یەک بوون درا، سورە رەچاویان کردن، زو شالاٚویان بوٚ بردن، شینەکان وەقینەوە، پێشیان لیٚ برینەوە، دەس کرا بە گەف کردن، دەگەلٚ خوٚ بەسەف کردن، شین خوێنان خرکردەوە. ناو لەپیان پرکردەوە، سازیان کردمستەکوٚلە، بوٚئەستاندنی توٚلە، هەروا سورەورا دەکا، توٚزوخوٚلٚ بەبا دەکا، نەنزانی پێنج ئەنگوست. یەکتر بگرن دەبنە مست، دەمی زوٚردار دەشکێنن، توٚلەی، خوٚیان دەستێن.

بیری نەتەویی هەژار لەم چەن دێرەدا زوٚر جوان رون دەبێتەوە و بوٚیەکبون بانگە

Dr.Saleh Ebrahimi



وازیه‌تی.

□ ئه‌م جۆره وه‌رگێران و نوسینه، خۆیی جۆرێ گشگێری (موعجیزه) یه‌وبۆیه‌کبون بانگه وازیه‌تی، هه‌ژار مردوی یه‌کبونه.

هه‌ژار له سالّی ١٣٠٠ ی هه‌تاوی له‌دایک بووه، جا دوای گه‌یشتنه ته‌مه‌نی خوێندن، له خزمه‌ت باوکیدا و له‌فێرگه‌و حوجره‌ی مه‌لا و فه‌قێی‌یان‌دا، ده‌سی کردوه به خوێندن. که به‌وه‌فاتی باوکی توشی که‌ندو کۆسپێ زۆر بووه، به‌لاّم مێرانه‌و خۆ راگرانه له‌کارو تێکۆشان، رانه‌وه‌ستاوه، هه‌ر چه‌ن جارو بار له تاوان هاواری لێ هه‌ستاوه‌و به‌ده‌م نالّه‌وه، نالاّندویه‌تی: «چه‌پگه‌ردی گه‌ردون: گه‌ڕان کوشتمی ـ نه‌زان په‌رستی بۆنان کوشتمی، ـ هه‌ر چه‌و سانه‌وه‌ی بێ حه‌سانه‌وه ـ ئه‌ی مردن: له‌کۆی؟ ژیان کوشتمی.»

هه‌ژارله ١٣٦٩/١٢/٣ ی هه‌تاوی بارگه‌ی به‌ره‌ولای خودا تێکناوه‌وله شاری عیلم و زانین و هونه‌ر په‌روه‌ری مه‌هاباد نێژراوه.

١ ـ هه‌ژار له (ئالّه‌کۆک) دا له سالّی ١٣٢٤ کۆمه‌لّه شیعرێکی جوان و ره‌نگینی چاپ کراوه، که ئه‌وه خوێ سه‌ره‌تای شاعیری و هۆنه وتنی ئه‌و بووه ـ بیری زالّ به‌سه‌ر ئه‌وشیعرانه‌ی هه‌ژار دا، زۆر ترسیاسی و دژی ملهوران و داگیرکه‌رانی کورد و کوردستانه. وه سه‌بارەت به ئازادی نیشتمانی کورده‌واری به‌رابه‌ری قسه‌ی کردوه، ئه‌و کۆمه‌لّه شیعرانه‌ی پڕوته‌ژی‌یه، له دادو هاوار و سه‌ره‌نجدان به بابه‌ته قوولّ و ورده‌کانی ئه‌و ده‌می کورد و کوردستان وله و شیعرانه‌ی دا خه‌لّکی کوردی هان داوه، تا به‌مافی خوێ زیاتر ناسیاو بکاو بۆ ئازادی و مافی ره‌واو به‌رامبه‌ری خۆی تێ بکۆشێ و بخروٚشێ.

دیاره له‌سه‌رده‌می مه‌شروته‌وه له ئێراندا، ئه‌م جۆره شیعروتنه، بۆته باو، جا ئه‌وه‌یه هه‌ژار له‌کۆمه‌لّه شیعری جوانی (ئالّه‌کۆک)دا شیعری لای‌لایه‌که شاکارێکی بێ وێنه‌یه و له‌سه‌ر پایه‌ی فۆلکلۆر و داب و ده‌ستوری کورده‌واری‌یه، وه بۆ منالّه و بۆته گۆرانی یه‌کی به سۆز و رامیاری، جائه‌وه‌یه ده‌نگ خۆشانی وه‌ک (محه‌مه‌د ماملێ، خه‌لیل سه‌دیقی، عه‌زیز شاروخ و خاله‌قی) و زۆر هونه‌روه‌ری دیکه‌یش به ده‌نگ خوێندویانه و موسیقای

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردیان پیێ غەنی کردوە، ئەمەیش بەشێک لە و شیعرە بەرزو پڕواتایە:

... ژیر بەوە رۆڵەی ژیرو جوانم        لە داخی لانک دەگری دەزانم
دەڵێی بۆجەستەم؟ بۆدەستە بەستەم        بەوبەند وحەیسە من جەستە خەستەم
لە نێوکورد نەبێ دەسرازەنیە        ئەو بەندو قفڵ و قەرازە چیە؟
کورِم من بیرم لە تۆ زیاترە        دەسرازە و لانک بت بێ چاترە
هەی لای لایە رۆڵە لای لایە        گۆیی بگرە پیێت بلێم لەبەرچی وایە؟.[1]

٢ ـ هەژار لەوەرگێرانـدنی چارینەکانی عومەر خەییام: بەزمانی کوردی زۆر سەرکەوتووە، تەنانەت لەباری ناسکی بیروخەیاڵ و تەروپاراوی زمان، وە هەروا لە بابەت بەیانی واژە دەربرین و قسەو وتار زۆر لە عومەر خەییام باشتر و زیاتر سەرکە وتوّتە دوندی سەرسەریێ، هۆنەوشیعرو هونەرودا هێنانێکی تازەو نۆیی بەکارهێناوە، شتەکەی دوبات نەکردوّتەوە، بەڵکو ئەو پەڕی پەری شیعری لە خولقاندنی پەیف و شیرینی واتا لە واژە ووشەی جوان و رەنگین‌دا بەیان کردوە، جا ئەوەیە: لە باری زمان ناسی و واتا ناسینەوە ناتوانین بڵێین: وەرگێر دراوە (تەرجەمەیە). بەڵکو ئافراندێکی بێ وێنەو نۆیە و گیان و رۆحەکەی لە بەرچاو گرتووە، بێ ئەوەی لەواتا و مانا ئەسڵەکە، کلابووبێ یالای دابێ، چونکا هەژار لەوچارینە کوردی یانە دا، گە یشتوّتە ئاستێک لەوزەو دەسەڵات، لەواتا ئافرانداکە سەرەرای وێکچون. جیاوازی بنەرەتیشی لەگەڵ شیعرە فارسی یەکاندا هەیە.

زۆر جاران هەژار بە تەعبیری جوان و خولقێنەرو دڵنشین و شیرین، بیری رامیاری: «سیاسی» وکۆمە لایەتی ئاوێتەی ناوەروکی شیعرەکانی خەییام کردوەو واتای تازە و نوێی داهێناوە، هە روەک ئەم چارینە:

رابوێرە بەسەر بەرزی بەنان و ئاوێک        سەر دامەنەوێنە بۆ هەموو نا پیاوێک
لەم ژینە کەهەر دەمێکە دیت و دەروا        مەر دایەتی مەفرۆشە لەپێناو تاوێک.

---

١ ـ بۆکوردستان، هەولێر {٢٠٠٠١} پەرەی ٥٢.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەم جۆرە بیرەسیاسیە، خۆی باشترین بەڵگەیە، کە هەژار گشت تەمەنی پڕ بیرو پڕ بەرەکەتی خۆی بەبیری نەتەویی و کورد خۆشەویستی ئاوێتەکردوە و خۆی پێوە ماندو کردوە، چ لە رۆژگاری سەرهەڵدانی کۆمەڵەی [ژێکاف] و کۆماری ساڵی ١٩٤٦ کوردستان لە شاری مەهاباد وچ لەزەمانی ئاوارە بونیەوە کە چوّتە کوردستانی باشور و بەغدا و عێراق و سوریە و لوبنان، وەگیرسانەوەی هەژار لە راپەرینی ئەیلول بە رابەری ژەنراڵ مستەفا بارزانی رابەری کە بیری نەتەوەی کورد، وەنیشتە جێیێ بوون لەشاری کەرەج، نێزیکی تاران، تا وەفات کردن بۆدەم و کات و ساتێکیش لەبیری نەتەوەیی و خزمەت کردن بەزمان و فەرهەنگ و قورئان، ویژەو ویژەوانی کورد و نەتەوەکەی خۆی، غافڵ نە بووەو لەوانە دور نەکە وتۆتەوە.

□ بەڵگەی رون و ئاشکرا لەسەر ئەوەی کەهەژار بیری نەتەوەیی هەبووە و لەسەر بیری نەتەویی خۆیشی زۆر سوربووە و هەروا بیرینە تەوەیی، زۆریش کار کردوتە سەرمێشک و بیری هەژار، جا لەو رێگایەدا زۆر بیری کردوّتەوە، کەچ بکاو چۆن خزمەت بە نەتەوەکەی بکا تاسەرکەوێ، دەتوانین بەمجۆرە ئاماژەیان پێێ بکەین:

١ ـ ئاوارە بوونی هەژار، لەزێد و خاک و نیشتمانی باو با پیرانی و دەردو رنج کێشان و دەربەدەری.

٢ ـ بووژاندنە وەی زمان و فەرهەنگ و هونەری کوردی بەسەرنجدان و ورد بونەوە لە مێژو، کەلەپور و ویژە و ویژەوانی کۆنی کوردی بە زمانی خۆی، وەک ئاسەواری حەکیم ئەحمەد خانی (دیوانی مەموزین) کە لەشێوەی زاری کرمانجی سەرو، هێناویەتە! سەر شێوەی کرمانجی خواروە

٣ ـ ورد بونەوە لە دیوانی عارفی رەبانی: مەلا ئەحمەد جزیری کە بە شێوەی کرمانجی خوارو بە باشترین شێوە شەرحی کردوە و واتا عیرفانیەکانی شی کردوّتەوە.

٤ ـ وەرگێرانی شەرەفنامە لە فارسی یەوە بۆسەر زمانی کوردی.

٥ ـ نوسینی قاموسی کوردی بە نێوی هەنبانە بۆرینە.

٦ ـ نوسین و دانانی ئالەکۆک.

Dr.Saleh Ebrahimi



٧ ـ چێشتی مجێور.

٨ ـ وەرگێرانی چارینەکانی حەکیم عومەر خەییام.

٩ ـ بۆکوردستان

١٠ ـ بەرەو موکریان

١١ ـ بەیتی سەرەمەر (: توانج و تەشەری کۆمە لایەتی یە).

١٢ ـ تەرجەمەی قورئان بە زمانی کوردی.

١٣ ـ هۆزی لەبیرکراوی گاوان.

١۴ ـ وەرگێرانی (پنج انگشت ... لەفارسیەوە).

١٥ ـ وەرگێرانی تاریخی ئەردەڵان.لە فارسیەوە.

١٦ ـ وەرگێرانی ۴ سپیارەی دوکتور شەریعەتی بۆسەرزمانی کوردی.

وە ...

ئەوکارە فەرهەنگیە گرینگانەی هەژار بوونە تەهۆیی دە وڵە مەندی زمان و فەرهەنگ و هونەری کوردی و هەروا شێوەزارەکانی کرمانجی سەرو، وەکرمانجی خوارویشی بەیەک گرتوون و لەیەکتر نێزیکتری کردوتەوە تابەڵکو خوێندەواری کورد، سەنج بداتە سەرهەر دوشێوەکە.

□ دونێر Doner ، زاناو بیروردی ئوروپایی دەڵێ: گرینگترین هۆکە ئوروپا بەنێوی کیانی موتەجانیس و شوێندانەر، کەبە خوێداهات و دەرکەوت و سەرکەوت بە مجوّرە بوون:

١ ـ هەبونی زمانی لاتین ٢ ـ ئەدەبیاتی کۆن ٣ ـ روناک بیران: یا ئێنتێلجنسیا، کە لە سەدەی سێزدەی زاینی یەوە، لە زانکۆکانی هاو وێنە،دەسیان کرد، بەدەرس و وانە گوتنەوە.

هەژار ئەوئینسانە زاناو دڵسۆزەی کوردیش، بەوکارە فەرهەنگیانەی خۆی، ویستویەتی لەو ریگایەوە کیانی موتەجانیس بۆ نەتەوەی خۆی سازبدا و نەتەوەی کوردیش بتوانێ بەرەو ئامانجی خوێ برِوا و سەرکەوێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



□ دونێر ـ ی Doner ئوروپایی دەڵێ زمانی لاتین بە هۆی ئەوەی زمـانی دیـنی و حەقیقەتی دینی و زمانی ئینجیل و زمانی لاهوتی کلیسا بوو، جۆرێ قیداسەتی پەیداکرد، بە سەرنجدان بە رابوردو ئەدەبیاتی کۆنەوە، وە هەرواگرینگی دانیشی بەحاڵ و زەمانی رابوردو، ئیستاو حالی، پێکەوەگرێدا.

ئێمەیش ئەگەر جوان بەوردی سەرەنج بدەینە کارە فەرهەنگی‌یەکانی هەژار بـاش بۆمان رونو ئاشکرا دەبێ، هەژاریش بە وەرگێڕانی قورئان بۆسەرزمانی شیرینی کوردی، ویســتویەتی جۆرێ قـیداسـەت بـەزمانی کـوردی‌بدا ـ وە بـەوەرگێـرانـی شـەرەفنامە لەفارسی‌یەوە بۆ زمانی کوردی، وە ئەوەکە دیوانی مەموزینی هێناوەتە، سـەرشێـوەی سۆرانی و شەرحی دیوانی مەلای جزیری بەوشێوە کردوە، ویستویەتی مێژوی کورد و کــوردستان، وە ئـەدەبیاتی کۆنـی نێـوکوردەواری بـە شێـوەی رۆژ بـاو، بگـەیێـنێـتە خوێندەواری خۆی‌و ئەدەبی کوردی پیێ غەنی‌تر و پیێ پتەوتر و یەک‌گرتوتر بکا.

□ بەلگەیێ دیکە لەسەر ئەوەکەهەژار بیری تەتەوەیی هـەبووە، وتـنی ئـەم شـیعرە جوانانەیە:

کەدەڵێ: هەرکوردم:

بــــەدەر بــــەدەری‌یان لەمـــاڵی خۆم ‌‌ لە خـــاکـــی عــەرەب لە ئێــران و رۆم
کۆک و پۆشـتەبم، روت و رەجـاڵ بـم ‌‌ کۆشکـم دەقـات بێ: وێـرانـە مـاڵ بـم
ئـازاورزگـــار بـــم شـــادان و خـــەندان ‌‌ یـــان زنـــجیر لە مـل لە سـوچی زینـدان
ساغ بم جحێڵ بم بگرم گـوێـی سـوانـان ‌‌ یـــــان زارونـــــزار لە نــــە خۆشـــخانان
دانـــیشم لە ســـەر تـــەختی خـــونکاری ‌‌ یـــــان لەکۆڵانـــــان، بکـــەم هـــەژاری
کـــوردم و لەرێی کـــورد وکـــوردستان ‌‌ ســــەرلە پێــناوم: گــیان لەســـەردەستان
بــەکـــوردی دەژیـــم بـەکـوردی دەرم ‌‌ بــەکـــوردی، دەیــدەم وەرامـی قـەبرم
بۆکـــورد، دیســـان زیـــندو، دەبـــمەوە ‌‌ لە و ديناش بۆكورد، تێ هەڵ دەچمەوە(١)

١ ـ سەرچاو بۆکوردستان پەرەی ١٨ ئۆفسیتی ئیران ١٣٥٨.

Dr.Saleh Ebrahimi



یاکە بەشیعر دەڵێ:

کــــوردستانی جــوان ئــەی نــیشتمانم ‌ ‌ ‌ رونــــاکــی چــاوم، ئــارامــی گــیانم
لەدەست بێگـــــــانە دەرت دەهێـــــنم ‌ ‌ ‌ پێشـــمەرگەی تۆم و تۆڵەت دەســتێــنم
رۆڵەی ئـــــــازای کــــــــوردستانم ‌ ‌ ‌ دوژمـــــــــنی داگـــــیر کــــەرانـــــم
بۆســــــەر بـــــە خـــــوێـــــی گــــەلم ‌ ‌ ‌ بـــەختی دەکـــەم مـــاڵ وگــیانم.
مـــــن رۆڵەی کـــــوردم، بۆنـــیشتمانم ‌ ‌ ‌ ســــەرمدا ئــــەنێــم ئــەبەخشم گــیانم
لە رێی شۆڕشـــا خوێــنم ئــەرژێــنم ‌ ‌ ‌ ئـــاڵای ئـــازادی پــێی، دە ڕەنگێــنم،
زۆر شـــەرمە بۆمــن کـورد ئـازاد نـە بێ ‌ ‌ ‌ گـــەلم وەک گـــەلان دڵی شــاد نــەبێ.

***

گــەلێک پــیویستە زانست و خــوێندن ‌ ‌ ‌ بۆســـەر بــە خـــوێــی، بۆ تۆڵە ســەندن
گەل خوێندەوار بێ قــەت ژێـرناکـەوێ ‌ ‌ ‌ لەراست بێگـــــانە ســـــەری نـــانەوێ
چــینی تــازەی کـورد بـەخوێندەواری ‌ ‌ ‌ بـــەرز ئــەکــاتەوە، ئــاڵای رزگــاری

دەتوانم بڵێم ئەم جۆرە هاوارو بانگە وازاتەی هەژار بۆتە هۆکە لەکـوردستانی رۆژ هەڵات (ئێران) ئەو هەمووە خوێندە وارونوسەرو شاعیرە کوردانـە بـە بـەوینەی خـود جۆش، سەر هەڵدەن وگوڵ بکەن، ئیتر بەرێژەوە.

لە رۆژی ٨١/٣/٢٣ لەشاری مەهاباد یاد و رێزدانان بۆ ئوستاد هـەژار لەسنەمای تەربیەت دانرا و بۆمنیش سوخەنرانیان دانا بووکە دوای هـەندێ قسـەکـردن لەبـابەت هەژار، رام گەیاندکە پترلە چل ساڵە لە تاران و لە زانکۆ دەرس دەڵیمە وەو سەر و کارم لەگەڵ ئوستادانە، ئوستادانی زانکۆ تاران مەگیرانیان بە تەرجەمەی قانونی کـوڕی سـینا دەکرد یانەیانزانی یانەیان توانی تەرجەمەی بکەن، بەلاّم هەژارهەم زانی و هەم تـوانـی وەریگێرێتە سەر ئەو فارسی یە سادە و رەوانە، دەی جائێوەش بەرپرسانی کـارو بـاری ورمێ و مەهاباد، بە خاتری هەژارکە قانون و چەندکتێبی هێناوەتە سەرزمانی فارسی لا یە حەیەک، سازدەن . بی نێرنە تاران تا زمانی کوردی بەرەسمی لە فێرگە و فێرانکۆ و زانکۆ کاندا بخوێندرێ (واصل ١٥ و ئەصلی ١٩ ی قانونی ئەساسی) ئیجراکرێ، ئەگەر ئێوە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەم کارە بکەن دەوڵەت زوتر دەس بەکاردەبێ ـ، هەروا لە موعەلیمە بەرێزەکوردی زانەکان، داوا دەکەم هەروەکولە تاران شانامە خوێنی هەیە، ئێوەیش شەرەفنامە خوێنی بەکوردی شاری مەهاباد دانێن تاهەم خوّتان باشتر بەزمان و مێژوی کورد ناسیاوبن و هەم خەلک ولاوان وگەنجانیش فێربکەن و تکاشم وایە بەرپرسانی شاری ورمێ و شاری مەهاباد بەری ئەم کارەنەگرن، بەڵکو یارمەتیان بدەن. ـ هەروا وتم: بوّدابین کردنی وەحدەت و دوّستی چلوّن لە شاری (قومەوە) فەرماندار بوّشاری مەهاباد دێنن، لەو کوردانەی کە جیي باوەری کوّماری ئیسلامی یە، بیان کەنە فەرمانداری ئەوێ ـ سەرکوّمارخاتەمی چەند جار، رای گەیاندوە «ئەگەرکورد نەبوایێ مەعلوم نەبوو، ئێرانی ئێستاچلوّن دەبوو، ئیسلام وئێران مەرهونیکوردە» دەی ئەگەروا یەبا (ئەصلی ۱۵ و ۱۹ قانونی ئەساسی) هەرچی زوتر، ئیجرا بکرێ تا دڵی کوردانی پیێ خوّش بکرێ ـ هەروا وتم ئەی بازرگانانی ورمێ بە قسەیروزنامەکان، ئێوە لەماوەیەکی کەمداکە نومایشگای کالاتان لەشاری هەولێردانا بوو (۵۵ میلیون دولار) بابەتی فروّش و سودی کالاتان بەدەس هینا بوو، دەی خوّدەزانن هەژار مریدی ژەنرال مستەفا بارزانی رابەری کە بیری نەتەوەی کورد بوو، جادە بوو چەن کەس لە نوسەران و شاعیرانی هەولێرتان بانگ بکردایێ تا دوّستی و وەحدەت زیاتر بچەسپایێ ـ هەروا وتم ئێمەیان لە تەوریز بردە سەر (مقبرة الشعرا) مروّ وای دەزانی چوّتە لای زیندوان، بەڵام لێرە لە مەهابادکە دەچیە سەر مەزاری (مقبرة الشعرا) دڵت دەگیرێ، لە بەر هاتوو چوّی میوانان برێکی پیێ رابگەن. لە و سەفەرەدا چەن دانە لەکتێبە نوسراوەکانی خوّم دا بەکتێبخانەی یانەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و زانکوّی ئازادی ئیسلامی شاری مەهاباد. جەنابی دوکتور پێروت ئەحمەد نوێنەری حوکومەتی کوردستان لە تاران هاتبوە ئەوکوّر وکوّ بونەوە. لە تارانەوە من و صەلاح سوّران و چەن کەسی دیکە لە جامیعەی کوردانی موقیمی مەرکەزەوە هاتبونە ئەوێ. هەروا لە یاد وزێردانان بوّ سەیید مەحمودی گوڵشەنی کوردستانی کە لە روّژی ۱۳۶۱/۵/۸ لە شاری سنە دانرا بوو بە شداریم کرد ـ هەروا لە کوّنگرەی رێزدانان بوّ سەروّکی نەمرو هێژا ژەنرال مستەفا بارزانی رابەری

Dr.Saleh Ebrahimi



کەبیری نەتەوەی کورد، کە لە تالاری نێوگەلانی دەنگ و رەنگی ئێران لە ١٠/١٢/٨٠ و یەکی مارسی ٢٠٠٢ی زاینی دانرا بوو بە شدار بووم و سوخەنرانیشم کرد کە لە رۆژنامەی برایەتی‌دا لەچاپ دراوە، بەلام ئێران هەواڵی ئەو یادە پیرۆزەی رانەگەیاند. بۆچی نازانم، هەروا کاک نیچیرفان بارزانی سەرۆکی حوکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی دەستەیێ لە رامیارانی کورد، وەک هوشیار زیباری بە دەعوتی ئێران هاتبونە تاران لەگەڵ رەفسەنجانی و شەمخانی و وزیر ئیتیلاعاتی ئێران قسەیان کردبو و بۆ مایەی ١٢ رۆژ لەمانگی سپتامبری ٢٠٠٢ ی زاینی تا ٢۴ی ئەو مانگە لە تاران بوون، ئەم هەواڵە کوردستان تێوی لە رۆژی هەینی لە سەرشەوی شەمەی ٢٨ سپتامبر بە هوی و شیار زیباری راگەیندرا. دوکتور محمد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) ئوستادی زانینگەی مذاهب اسلامی تاران.

١٨ ئوگوستی ٣٠٠٢

نشانی - تهران کدپستی ١٣١٦٧ خیابان فلسطین جنوبی کوچه لقمان‌الدوله ادهم پ ۵ ط ٦